عێراق و بەریتانیا تاوتوێی پێگاکانی پەرەپێدانی پەیوەندییە دووقۆڵییەکان لە بواری ئەمنیدا دەکەن

ئەمڕۆ سەرهەمە، عەبدولئەمیر شەمەری، وەزیری ناوخۆی لێگە عیرفان سدیق باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق، تاوتوێی پێگاکانی پتەوکردنی هاوکارییە ئەمنییە دووقۆڵییەکانی کرد.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا کە دەستی موتەبع کوتووە، ڕایگەیاندووە، "شەمەری لە نوسینگەی خێدا پێشوازی لە باڵیۆزی بەریتانیا، عیرفان سدیق کرد، لە میانی دیدارەکەدا چەندین بابەتی جێی بایەخی هاوبەش تاوتوێ کران، دیارترینیان پتەوکردنی هاوکارییە ئەمنییەکان و ئاوگێی شارەزایی و پاڕێشتیکردنی بەرنامەکانی هاهنان و پەرەپێدان لە نێوان وەزارەتی ناوخۆ و دامەزراوە ئەمنییەکانی بەریتانیا ".

ئەلشەمەری بگوترێی بەیاننامەکە جەختی لە "پەرەشی وەزارەتەکە کردووە بۆ فراوانکردنی هاوکارییەکان لێگە لایەنی بەریتانیا"، ستایشی "ئەو ڕۆڵە ئەرێنییەی شانشینی یەکگرتوو لە پاڕێشتیکردنی عێراقدا کردووە، بەتایبەتی لە بواری بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر و پتەوکردنی تواناکانی هێزە ئەمنییەکان".

لای خێوە باڵیۆزی بەریتانیا "پەزانینی بەرزی خۆی بۆ هەوڵەکانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ چەسپاندنی ئاسایش و سەقامگیری" دەربڕی، جەختی لەسەر "بەردەوامی پاڕێشتیی وڵاتەکەی بۆ عێراق کردەوە، کە

یارمەتیدەر دەبێت لە پێوکردنی پێوەندییە دووقۆڵییەکانی نێوان هەردوو وڵات".